ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

89
10 ی ئاب / ئۆگەست ی 2024

## یاسای پێشێلکردنی کەرامەتی ژنان!



موحسین کەریم

ڕۆژی ٤ی ئاب، پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای تەعدیلی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کرد، کە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە گروپە شیعەکانەوە پێشنیارکرابوو. ساڵی ٢٠١٧ش هێزە شیعەکانی ناو پەرلەمان پێشنیارێکی هاوشێوەیان خستبووە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ڕووبەرووی نارەزایەتیەکی زۆر بووەوەو شکستی هێنا. ئێستا دیسانەوە پێشنیارەکان بەشێوازێکی دیکە خراونەتەوە ناو ئەجندای کۆبونەوەکانی پەرلەمانەوە، هاوشانی یاسای لێبوردنی گشتی، کە لەلایەن هێزە سونیەکانی ناو پەرلەمانەوە پێشنیارکراوە. باس لەوەش دەکرێ جۆرێک ڕێکەوتن کرابێت لەنێوان لایەنە شیعەو سونیەکان بۆ تێپەڕاندنی هەردوو پرۆژە یاساکە! شایانی وتنە تەعدیلی ناوبراو رووبەرووی نارەزایەتی فراوانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی عێراق بۆتەوە و چەندین خۆپیشاندان لە شارەکانی بەغدا و نەجەف لەرۆژەکانی رابردوودا ئەنجام دراون.

بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە، بڕگەی قەدەغەکردنی زەواجی خوار ١٨ ساڵ کە لە یاسا کۆنەکەدا هاتووە، لادەبرێ. زەواج لەدەرەوەی دادگاکان و بەپێی مەزهەبەکان و لەلایەن پیاوانی ئایینەوە رەسمیەتی دەبێت. مافی سەرپەرشتی مناڵ لەژن دەسەنرێتەوە دوای شووکردنەوەی. هەروەها مافی ژن لە وەرگرتنی نەفەقە لەسەر بنەمای

بۆ لاپەڕە ٢

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزێت!**

## داگیرکاریەکانی سوپای تورکیا



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## تەنها چینی کرێکارو بەرەی ئازادیخواز، دەتوانێ بەڵای تیرۆر و تارمایی جەنگ لەناوچەکەدا هەڵگرێ!

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە ٥

## پرۆژەی ئەمریکا بۆ گرێدانی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئەورووپاوە ڕکەبەرایەتیەکی ئامانجداری ئابوریە!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەڕە ٧

## ڕێکەوتنی چوارقۆڵی عێراق، ئێران، تورکیاو حکومەتی هەرێم بەدژی هەڵسوڕانی چەندین حزبی سیاسی

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٨

* تیرۆری ئیسماعیل هەنیە دۆخی ناوچەکە بەرەو نائارامی زیاتر دەبات!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.... لاپەڕە ١٢

* بڕیارەکەی ئەنجومەنی دادوەری عێراق بۆ قەدەغەکردنی حیزبەکان، خزمەتێکی تری حکومەتەکەی سودانییە بە دەوڵەتی تورکیا!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان... لاپەڕە ١٣

* بەدژی پەلاماری راسیستەکان لە گەڵ بەرەی ئازادیخوازدا ڕابوەستین!

ڕێکخراوی بەریتانیای حزب.... دوا لاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......... یاسای پێشێلکردنی کەرامەتی ژنان!

چێژوەرگرتنی سێکسی پیاوەکە دەستنیشان دەکرێ و تاد.

گومان لەوەدا نیە کە یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکاندا و لەگەڵ خواستەکان و چاوەڕوانیەکان و خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی ناگونجێت و زۆر لەدواوەیە. ئەو یاسایە لە سەردەمێکدا دەرچووە کە تازە کۆمەڵگای عێراق خەریک بوو پەیوەندی و نەریتە کۆن و دواکەوتوەکانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتی جێدەهێشت! لەوکاتەوە تائێستا، زیاتر لە ٦ دەیە تێپەڕیوە و کۆمەڵگای عێراق و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش زۆر گۆڕاون و ژنان جێگاورێگایەکی گرنگیان پەیداکردوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەنانەت سیاسیدا. بۆیە ناکرێ بەهەمان پێودانگی ٦ دەیە لەمەوبەر مافەکانی ژیان دیاری بکرێت. هەروەکو ڕوانگەی ژن و پیاو بۆ پەیوەندی خۆشەویستی و زەواج و پەیوەندی خێزانی و ....تاد. گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. بۆیە ڕاستیەکەی ئەم یاسای باری کەسێتیە پێویستی بە گۆڕین و دەستکاریە، بەڵام بەوجۆرەی کە لەگەڵ پێودانگە جیهانی و ئەمرۆژیەکانی مافەکانی مرۆڤ و ماف و ئازادیەکانی ژنان و پرسەکانی زەواج و جیابونەوەو میرات و سەرپەرشتی منداڵ و تاد... بگونجێت. ژنانی عێراق وەکو ژنانی هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان چاویان لە داهاتوو بریوە. چاویان لە ڕزگاربوون لە پاشماوەکانی کۆتوبەندی نایەکسانی و پیاوسالاری و پلەدوویی بریوە. ژنانی عێراقیش دەیانەوێ وەکو پیاوان هەمان ماف و ئازادی و کەسایەتیان هەبێت و لە یاسادا پارێزراوبێت. بەڵام ئامانجی ئەم پرۆژە یاسایە، ڕێک بردنەوەی کۆمەڵگای عێراقە بۆ سەردەمی حوکم و دەسەڵات و یاسا و نەریتی قەبیلەو عەشیرەتەکان!

ئەم پرۆژە یاسایە ژن دەکاتە بونەوەرێکی بێشەخسیەت و بێئیرادە و بێبڕیار و مەحکوم. دەیکاتە کاڵایەکی سێکسی کە کاری تەنها خزمەتی سێکسیە بە پیاوان نەک هاوبەشی ژیان. هیچ بنەمایەکی پەیوەندی خۆشەویستی و مرۆیی لەنیوان ژن و مێردا ناهێڵێت. پەیوەندی نیوان ژن و پیاو دەبێتە سێکس بەرامبەر بە پارە، بە نەفەقە! پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان خێزاندا ناهێڵێت. دایک وەکو بونەوەرێکی بێبایەخ وێنادەکات، کە وەکو هەر ئامێرێکی بێگیان کاری خزمەتی پیاوە، واتە بەخێوکردنی منداڵ بۆ مێردا! هەستە و سۆزی دایکایەتی لەنێوان منداڵ و ژندا دەکاتە بابەتێکی بێنرخ! فرەژنی و زەواجی چێژوەرگرتن( موتعە) و زەواجی سەرپێیی (مسیار) و جۆرەکانی دیکەی زەواج کە هەموویان وەلام بە ئارەزوی سێکسی پیاوان دەدەنەوە، دەبێتە نۆرم. نەهێشتنی هەمووجۆرە پارێزبەندیەکی یاسایی بۆ پاراستنی ژنان لە مەسەلەی زەواج و تەلاق و ...تاد. و ڕادەستکردنی بە بڕیارو فتوای سەرۆک باند و مەرجەعە دینی و کۆنەپەرست و دژە ژنەکان، لەوانەش ترسناکتر ڕەواجدان و بە یاساکردنی زەواجی منالانی کچ بەرەنجامی پەسەندکردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەبێت!

ئەم پرۆژە یاسایە لە بنەڕەتدا، نەک لەژێرپێنانی مافە سەرەتایی و مرۆییەکانی ژنانە، بەڵکو سوکایەتی یاسایی و ڕەسمی و دەوڵەتیە بە کەسایەتی و بە کەرامەتی ئینسانیی ژن. ئەم پرۆژە یاسایە مانای بەرەسمیکردن و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منالانی کچ! مانای ڕەسمیەتدانە بە تاوانی ڕێکخراو دژی ژنان و کچانی منال! مانای سەندنەوەی پێناسەی هاوڵاتیە تەنانەت لەناو پەیوەندیە خێزانیەکان و دابەشکردنیانە لەسەر بنەمای دین و مەزهەب و تێکدان و تاڵکردنی ژیانی خێزانەکان لەناو ناتەبایی و ناکۆکی مەزهەبەکاندا! مانای سەپاندنی شەریعەتی ولایەتی فەقیهی جمهوری ئیسلامی ئێرانە بەسەر کۆمەڵگای عێراقدا! ئەم پرۆژە یاسایە دەبێت لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی عێراق و کوردستانەوە، لەلایەن هەموو ڕێکخراو و لایەنەکانی داکۆکیکار لە ماف و ئازادیەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی منالان.... بە توندی بەرپەرچ بدرێتەوەو پێشنیارکاران و بەرگریکارانیشی لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ریسوابکرێن!

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**
سەرنوسەر: موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
**Muhsin_km@yahoo.com**
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# داگیرکاریەکانی سوپای تورکیا

عوسمانی حاجی مارف

ئەنقەرە بەهەمان ئەو ئاستەی لەبەرامبەر سوریادا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدات، هەوڵدەدات بە قەبارەیەکی بەرفراوانتر کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا بسەپێنێت.

ئەم هەڵکشانە زیادەڕەوییە لە سیاسەت و نەخشەی ئەردۆغاندا، بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی گەورەیە، کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکجارەکی و بۆ هەمیشە لە پەکەکە پاکبکاتەوە. هەرچەندە ئامانجی ئەم داگیرکاریەی ئێستای تورکیا بۆ سەر هەندێ ناوچەی هەرێم واوەترە لەوەی پاکردنەوەی پەکەکەبێت، ئەوەش کە جێگای سەرنجە بەرپرسانی عێراق، ئەم هێرشانەی هێزەکانی تورکیا، تەنها وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات رادەگەیەنن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ نارەزایەتیەک دەربڕن، یان هیچ فشارێک لەباری عەمەلیەوە لە دژی ئەنقەرە نیشان بدەن.

ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لەچوارچێوەی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، فراوانترە لەوەی تەنها پەیوەند بێت بە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا، بەڵکو بەدوای ئەو ئامانجەوەیە دەخاڵەتی لە ئایندەی ئاڵوگۆڕی دۆخی سیاسی ناوچەکەدا هەبێت، بەتایبەتی لە عێراقدا بەرجەستەی دەکاتەوە. گواستنەوەی هێزی زەمینی لە ناوچەی هەکاری تورکیا، بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی بنکە و شوێنی نیشتەجێبونی هێزەکانی تورکیایە لە دەوروبەری پارێزگای دهۆک، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، کە ئامادەیە جێگیرکردن و دامەزراندنی هێزەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایان لە ناوچەکەدا و لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا نمایش کات ومناوەرەی پێبکات، وە بێباکە لەوەی گەر لەهەمانکاتدا وێرانکاریەکی زۆری بۆ ناوچەکانی هەرێم لێکەوێتەوە!

سیناریۆی لەشکرکێشیەکانی تورکیا سەقفێکی دیارکراوی نیە، کە لەسەر خاکی عێراق ئەنجامی ئەدات، لەهەمانکاتدا مایەی خولقاندنی دۆخێکی مەترسیدارو دژوارە لە شارەکاندا، دوای تێپەراندنی چەند ئامانجێک ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵبدات بگاتە شنگال و دەستبەسەر ئەشکەوتەکانی چیای قەرەندا بگرن، کە "سەدام حسێن" لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کۆشکێکی تێدا دروستکردوە"، هەڵبەتە مەبەستی ئەم دەست بەسەراگرتنەی شنگال دەبێتە سەنگینکردنی پێگەی سەربازی هێزەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا.

لەشکرکێشی تورکیا لەلایەک دەستی کردووە بە فراوانکردن و دامەزراندنی هێزەکانی لە زەویەکانی باکوری عێراقدا، لە لایەکی ترەوە گرنگی بە چارەسەری دیپلۆماسی لە سوریا دەدات. لایەنە سیاسیەکانی عێراق رەتی ناکەنەوە کە ئەردۆغان رەزامەندی ئەمریکا و رۆژئاوای بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنی لەشکرکێشیە بەدەست هێناوە.

دەستێوەردانەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق، هەرچەندە یەکەم دەستێوەردان نیە لە جۆری خۆیدا، نموونەیەکی بەرچاوی ململانێ جیۆپۆلەتیکیەکانە لە ناوچەکەدا. ئەم دەستێوەردانە کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە بەڕێوەدەچێت، دەتوانرێت تا رادەیەکی زۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرەسەندنی دەخالەتی ئێران لە عێراقدا. تێگەیشتن لە داینامیکی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر دۆخی سیاسی عێراقدا، زۆرجار دەبینین لەرێگەی جۆراوجۆرەوە کێبرکێ دەکرێت و دەخالەتی راستەوخۆ دەکەن، بەتایبەتی هەردوو تورکیا و ئێران لە عێراقدا تەماح و بەرژەوەندیان هەیە و رکابەری دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراق.

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا عێراق بووەتە دیارترین گۆرەپانی دەستێوەردانی ئێران و تورکیا، جگە لە وڵاتانی دیکە. هەموو ئەمانە لە ئەنجامی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دروست بونی گێژاوی سیاسی و پێگەی حکومەتی عێراق بەجێهێشت، بەتایبەت دوای ئەوەی بە تێپەربونی کات شتەکان بە شێوەیەکی سەرنجراکێش لە بەرژەوەندی ئێران گۆڕدرا، وردە وردە نفوزی ئێران گەیشتە لوتکە، هەندێک وەها تەعبیری لێدەکەن کە ئەمریکا، بە رووخانی رژێمی سەدام "عێراقی لەسەر سینیەکی زێرین رادەستی ئێران کردووە".

دەوری ئێران لە عێراقدا، کە بەرجەستە بووەتەوە بە پاڵپشتیکردنی میلیشیا حزبیە جۆراوجۆرەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا سیاسیەکانی لە ناوچەکەدا، کە بوو بە فاکتەری سەرەکی بۆ تێکدانی پێکهاتەی حکومەتێکی جێکەوتە لە عێراقدا. میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەسەڵاتی ئابووری و کۆنترۆڵی بەرچاویان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا بەدەستهێناوە. هەروەها ئێران لە رێگەی بازرگانی، پرۆژەی ژێرخانی، و رێککەوتنی وزە، خۆی جێگیر کردووە، کە کاریگەریەکانی بەهێزتر کردووە. هەر بۆیە لە بەرامبەردا ترس و ئامانجەکانی تورکیا زیاتربون، بەتایبەتی کە بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق

پشتیوانیەکی ئاشکرای ئێرانی بەدەست هێناوە.

ئەوەی پێویستە لەم کەینوبەینەی کێشمەکێشی لایەنەکاندا، لە ئێستادا سەرنجی بدەین، بەغداو ئەنقەرە زیاتر نزیک لەیەکن و هاوکارن دەربارەی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، کە بۆ هەردولایان ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی ستراتیژی هەیە، بۆیە حکومەتەکەی سودانی لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا و داگیرکاریەکانیدا پەرچەکردارێکی جدی و عەمەلیان نیە.

ئەوەی جێگای سەرنجە سوپای تورکیا لەم هێرش و داگیرکاریەدا هەر ناوچەیەک کۆنترۆڵ دەکات لە سەر تابلۆیەک دەنوسن: "هاتنە ناو خاکی تورکیا قەدەغەیە"! تەواوی دانیشتوانی گوندەکانیش ئاوارەدەبن، ئەمەش نیشاندانی واقعێکی تەواو بێباکی لایەنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقە و کردنەوەی ئاشکرای دەرگای سنورەکانی عێراقە بۆ هێزەکانی تورکیا، ئەو هێزەی کە بە فەرمانی ئەردۆغان هەوڵئەدات دەخالەت و دەورێکی سەرەکی ببینێت لە ئاراستەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشبینی دەکرێت، هەروەها درێژەدانی گفتوگۆی ئەنقەرە لەگەڵ بەغدا هاوکاتە لەگەڵ ستراتیژی فراوانترکردنی تورکیا و مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و نزیکبونەوەی لە بەغدا و کۆتایهێنان بە پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان.

لە دیمەنێکی سەیردا کە پێکەنین دەوروژێنێت، بەوەی واقعی سیاسەت لە عێراقدا لە ئاستی چ گاڵتەجاریەکدایە، فالح ئەلفەیاد، سەرۆکی هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەکاتێکدا کە هاتنە ناوەوی هێزەکانی تورکیا داگیرکاری بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت، پێشوازی لە باڵیوزی تورکیا لە بەغداد کرد، دیاریەکی لە شێوەی قەڵغانێک بەناوی حەشدی شەعبیەوە پێبەخشی، وەک ئەوەی ئەلفەیاد داوای لێبوردن لە داگیرکاری داگیرکەری تورکیا بکات!.

ئەوەی جێگای سەرنجە، زیاتر لە ملیۆنێک سەربازی عێراقی هەن کە سەرباز و پۆلیس و هێزی ئەمنی و حەشدی شەعبی تێدایە، بەڵام ئەوەیان سەلماندوە کە ناتوانن بەهیچ جۆرێک بچنە مەیدانێکی شەڕەوە و لە بەرامبەر بە هەرداگیرکاریەکی عێراقدا بوەستنەوە، هیچ ئامادەیەک بۆ بەرگرتن بەداگیرکاری سوپای تورکیاش نیشان نادەن و نایانەوێت کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەن، ئاشکرایە ئەم بەرگری نەکردنە تەنها ناتوانایی و نائامادەیی هێزەکانی عێراق نیە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسیە کە پێشوەخت، ڕێکەوتنی ئەنقەرە و بەغداد چوارچێوەکەیان دیاری کردووە.

لە پرۆسەی ئەم ئاڵوگۆڕانەو سنوربەزاندنی زیاتری سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق، تورکیا هەوڵ دەدات لەلایەک پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریا ئاسایی کاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەوڵئەدات ئەزمونی دەسەڵاتی هێزە کوردیەکانی کوردستانی سوریا کۆتایی پێبهێنێت.

تورکیا بەجیا لەو هێرشە سەربازیانەی کە پانتاییەکی فراوانی کوردستانی عێراقی داگیرکردووە، لەهەمانکاتدا دەیەوێت نفوزی ناوچەیی خۆی بە باشترکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لە چوارچێوەی کێبڕکێ یان هاوکاری لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی ناوچەیی وەک ئێران و رووسیا، زیاتر بکات، بەمانای پەرینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بە دیمەشقدا تێدەپەڕێت و بە ڕێکەوتن لەگەڵ دیمشقدا دەتوانێت پرۆژەکانی بەرێتە پێشەوە.

تاران ترسی ئەوەی هەیە ڕۆڵی خۆی پەراوێز بخرێت، بۆیە دوا ووڵات دەبێت کە بیەوێت ئاشتەوایی لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بابەتەکە بۆ مۆسکۆ جیاوازە کە هەوڵدەدات پەیوەندیەکانی نێوان سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ەوە مۆسکۆ کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە وەک بەشێک لە ستراتیژیەک کە بتوانێت ڕوبەڕوی ناتۆ ببێتەوە. ئەگەر مۆسکۆ بتوانێت لێکنزیکبونەوەی سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە، پێگەی خۆی بەرامبەر ئەمریکا بەهێزتر دەبێت، ئەمەش بوونی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەکات، تورکیاش دەیەوێت لەم پرۆسەیەدا سودمەندبێت بۆ جێگیربونی پێگەی سیاسی و ئابوری لە ناوچەکەدا.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە نەخشەی ئێستای تورکیا لەم هێرش و داگیرکاری و کوشتارو ماڵوێرانی کردنەدا، پێش هەمو شتێک دەستپێشخەریە بۆ چەسپاندنی مەوقعیەتی تورکیا لە سەر بنەمای ئایندەی ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشهاتانەی لەعێراق و ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت. بۆ ئەم ئامانجەش تورکیا هێرش بۆسەر پەکەکە دەکاتە پاساوێک، تا بنکە سەربازیەکانی لە عێراقدا دامەزرێنێت. لەلایەکی ترەوە بە گورێکی زیاترەوە ڕکابەری بەرامبەر کۆماری ئیسلامی گرتوتەبەرو هەوڵ ئەدات پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بکێشێتە دواوە، پەیوەندیشی لەگەڵ سوریا لە ڕێگەی روسیاوە ڕێکدەخات نەک ئێران.

ڕێڕەوی ئەم کێشانە، ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟، لە حاڵەتی بەرجەستە نەبونی هێزی یەکگرتوی ڕێکخراوی چینی کرێکاردا، ئایندەی بەرژەوەندی و کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا، دۆخەکەو ئاراستەی ئاڵوگۆڕەکان دەیبڕێننەوە!

**ئامانجی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی تەنها پەیوەند نیە بە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا، بەڵکو بەدوای ئەوەوەیە پێگەی خۆی لە دیاریکردنی ئایندەی سیاسی و ئەمنی و ئابوری ناوچەکەو عێراقدا قایم و زامن بکات.**

# تەنها چینی کرێکارو بەرەی ئازادیخواز، دەتوانێ بەڵای تیرۆر و تارمایی جەنگ لەناوچەکەدا هەڵگرێ!

دەشتی جەمال

دوای ئەوەی لە لە٣١ی تەمووزدا ئیسماعیل هەنییە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس و بەرپرسی مەلەفی دانوستان و گۆڕینەوەی بارمتەکان بوو لەگەڵ ئیسرائیل کە بەمەبەستی مەراسیمی سوێندخواردنی پزیشکان سەردانی ئێران کردبوو، لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانەکانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە تاران تیرۆرکرا، دۆخێکی نائارام و مەترسیدار رووی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردوە. ئەگەرچی تائێستا ئیسرائیل بەرەسمی بەرپرسیارێتی خۆی لەو کردەوە تیرۆریستە رانەگەیاندووە، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئیسرائیل وەکو ئەنجامدەری تیرۆرەکە دەستنیشان دەکەن. چ ئەم کردەوە تیرۆریستیەو چ ئەو کاردانەوانەی کە بەدوای ئەم تیرۆرەدا دین، بەتایبەتی کە جمهوری ئیسلامی ئێران ئەوکارە وەکو شکاندنی شکۆی سیاسی و ئەمنی و تەنانەت لەکەدارکردنی کەرامەتی دەوڵەتەکەی تەماشادەکات، و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکات، تا بە ئەگەری هێرشی موشەکی و درۆن لەلایەن گروپە ئیسلامیەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا، هەموویان دەرگای پەرەسەندنی ئاڵۆزی و نائارمی و جەنگێکی کراوە لە خۆرهەلاتی ناوەرستدا دەکەنەوە! ئێران وەکو ئەوەی تیرۆرەکە لە پایتەختی وڵاتەکەیدا رویداوە، لێدوانی ئاگرین دەدات و "ناسر کەنعان وتەبیژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران" لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا رایگەیاند: "ئێران بۆ سزادانی ئیسرائیل چاوەریی هیچ کەس و لایەنێک ناکات و خۆی بەرگری لە خۆی دەکات" ئەوەی کە ئایا ئەمجارەش ئێران لەرێگەی تۆری میلیشیاکانی خۆیەوە لەناوچەکە ئەم کاردانەوەیە ئەنجام دەدات یان لیدانێکی رەمزی دیکە وەک جارەکانی پیشوو ئەنجام دەدات و دواتریش ئیسرائیل چ وەلامێکی تری دەبێت، دەتوانێ دامێنی نائارامی و فراوانبوونەوەی جەنگەکە دیاری بکات. بەڵام وەکو تائیستا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ڕایانگەیاندوە: نایانەوێت جەنگەکە فراوان بێتەوە. ئەمریکا فشار لەسەر ئیسرائیل دەکات تا کردەوەی سەرەڕۆیانە نەکات و داواش لەئێران دەکات دۆخەکە بەرەو بارگرژی زیاتر نەبات، لەپاڵ ئەوەی کە خودی ئێرانیش لەبەرژەوەندی نیە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو جەنگێکەوە لەگەڵ ئیسرائیل، زیاتر ئەو ئەگەرە زیاتر دەکات، کە ئێران گورزێکی دیاریکراو لە ئیسرائیل بدات و کاری زیاتر بۆ گروپە ئیسلامیە چەکدارەکانی دژ بە ئیسرائیل دابنێت!

بێگومان حکومەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیل و بەدیاریکراوی ناتانیاهۆ زیاتر پێویستیان بەوەیە کە ئیران ڕابکێشنە ناو جەنگێکی ڕاستەوخۆوە، تا ئەمریکاش ناچاربکات وەکو بەشێک لە جەنگەکە لەپاڵ ئیسرائیلدا ڕابوەستێ، چونکە ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی لەگەڵ بێئاسۆیی و بنبەستی سیاسی گەورەدا بەرەو رووە بوەتەوەو پێویستی بەو جەنگە هەیە. ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی لەناوخۆی ئیسرائیلدا گیرۆدەی ناڕەزایەتی فراوان بووە، خەڵکی ئیسرائیل خوازیاری کۆتاییهاتنی شەڕ و ئازادکردنی بارمتەکانن. خوازیاری دادگاییکردنی ناتانیاهۆن لەسەر چەندین پرسی گەندەڵی و پێشێلکردنی یاسا و ..تاد. دە مانگ بەسەر دەستپێکردنی هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر غەززە تێپەڕیوە، جگە لە کوشتاری خەڵکی بیتاوانی فەلەستین، حکومەتەکەی ناتانیاهۆ و سوپای ئیسرائیل نەک هەر لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی لەناوبردنی حەماس نزیک نەبۆتەوە، بەڵکو لە بنبەستێکی سیاسی و بگرە سەربازیدا گیریان خواردووە. ناتانیاهۆ دەیەوێ بە فراوانبوونەوەی جەنگەکە خۆی لە هەموو ئەو لێپێچینەوانە رزگار بکات و حکومەتەکەی لە روخان بپارێزێ، هاوکات خۆشی وەکو تاوانباری ئەنجامدەری جینۆساید دەربازبکات و چارسەری کێشەی فەلەستین و پرسی دەوڵەتی فەلەستین بەنادیار و مەحاڵ بسپێرێت! و حکومەتەکەی و دەوڵەتی ئیسرائیل لەو گۆشەگیریە جیهانی و ناوچەییەکی تووشی بووە دەربهێنێ!

ئەگەر ئەوانەی باسکران وەکو ئامانجەکانی ناتانیاهو بۆدریژەکیشان و بەرینکردنەوەی جەنگەکە، ئەوا



بۆ کۆماری ئیسلامی ئیران کە دەیان ساڵە نان لەمەسەلەی خەڵکی فەلەستین دەخوات و کەڵکی لە کێشەو مەینتیەکانی خەڵکی فەلەستین دیوە و تۆڕێکی گەورەی لەگرووپی وەک حزب للەی لوبنان و حوسیەکانی یەمەن و وگرووپی جۆراجۆری شیعە لە عێراقدا دروستکردووە ئێستاش وەکو هاوپەیمانێکی بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی تەماشادەکرێ لەلایەن ئەو دوو گروپە ئیسلامیە فەلەستینەوە، ئامانجەکەی بەدەستەوەگرتنی ئەم نفوزەیە بۆ دەسکەوتی سیاسی و ستراتیژی خۆی لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا لەپەیوەند بە جێگاوڕێگای ئێران وەکو هێزێکی ناوچەیی دانپێدانراو و لە پەیوەند بە دۆسیەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەیەوە! هاوکات ئەو دۆخە وەکو هەلێکی زێڕین تەماشادەکرێ لەلایەن ئێرانەوە تا وەکو هێزێکی سەربازی بەرامبەر بە ئیسرائیل خۆی نمایش بکات و وەکو خاوەنی پرسی فەلەستین دەربکەوێ، هەموو ئەمانەش بەو ئاقارەدا سود لێوەربگرێ کە دەسەڵاتەکەی خۆی لەناوخۆی ئێراندا پتەوو قایم بکات و لە زەربەی خەڵکی شۆڕشگێڕ بیپارێزێ و هەموو جموجوڵێکی دژی بە ڕژێمەکەی بەپاساوی خزمەتکاری بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل سەرکوت و بێدەنگ بکات!

بەڵام مەسەلەیەک کە جێی خۆیەتی ئاماژەیەکی پێبکەم لەپەیوەند بە تیرۆری ئیسماعیل هەنیەوە، هەڵویستی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانە!

عەلی باپیر، سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لەبارەی کوژرانی ئیسماعیل هەنیە ڕایگەیاند، ئێران بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی کەوتوەتە سەرشان، چونکە میوانێکی گەورەی وەک ئیسماعیل هەنییە لەناو ماڵەکەی ئەودا کوژراوە"، پێشبینیشی کرد کە ئێران بێدەنگ نابێت و داواشی کرد وەڵامەکەی هێندەی گەورەیی هەنییە بێت.

ئەم بانگەشەیەی عەلی باپیر، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەو بگرە مەزڵومیەتی خەڵکی فەلەستینەوە نیە دژ بە تاوانەکانی ئیسرائیل و هەروەها ئەم تیرۆرەشی وەکو هەنگاوێک بۆ درووخستنەوەی ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە جینۆسایدی خەڵکی غەززە، بەڵکو لەڕوانگەی بەرژەوەندی بزوتنەوە ئیسلامیەکەی و دەسکەوتە سیاسی و مادیەکانیەوەیەتی کە لەلایەکەوە لەرووی سیاسیەوە لە ئێرانەوە نزیکەو بەرژەوەندی لەگەڵیدا هەیە، لەلایەکی دیکەوە بۆ دەمەزردەکردنەوەی سۆزی خەڵکی سادەی موسڵمانە بۆ حزبەکەی گوایە دلسۆزی خەڵکی موسڵمانی فەلەستینە دژی جولەکە! خۆشکردنی قین و ڕقی دینیە کە پایەی حزبەکەی لەسەر ڕاوەستاوە!

بەڵام چیینی کریکارو ئازادیخوازانی کوردستان دەبێت هاوشان بەخەڵکی ئازادیخوازی جیهان وناوچەکە وەڵامی دانشکێن بە بەرنامە و ئامانج و ستراتیجی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە بدەنەوە ، باجی ئەم تیرۆر و کوشتارە تەنها خەڵکی غەززە و لوبنان نابن، بەڵکو سەربازی خەڵکی مەدەنی و بێدیفاعی ئەو دوو ناوچەیە، خەڵکی سوریا و عیراق و کوردستان و سەراپای ناوچەکە دەبن. لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕو میلیتاریزم و وێرانکاری و کوشتن، هەموومان باجەکەی دەدەین!

کاری ئیمەو بزووتنەوەی کرێکاری و مرۆڤدۆستی عێراق و کوردستان ئەوەیە کە لەپاڵ ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیەدا ڕابوەستین کە لەسەراسەری جیهاندا دژی ئەم درەندییە بەرامبەر بەخەڵکی فەلەستین، بەرپێکەوتوە. هەر ئەو بزوتنەوە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەیە کە دەتوانێ ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی غەززە و بۆ کەمکردنەوەی ئازار و برسێتی خەڵکی فەلەستین پەیدا و فەراهەم بکات. ناتانیاهۆ لە ئیسرائیل و بە پاڵپشتی و هاندانی حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، کۆماری ئیسلامی ئێران بە حەلیفە ناوچەیەکانی، هیچیان ڕێگەی ئاشتی وسەقامگری و ڕاگرتنی ئەم شەڕەو کومەڵکوژیە لە غەززەدا نین . پێویستە شەڕ کۆتایی پێبێت و ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان بچێتە دەرەوە. کۆمەک و پیداویستیە مرۆیەکان بگاتە کەرتی غەززە. ئاوارەکان بگرینەوە شوێنی خۆیان و قەرەبۆ بکرینەوەو. ڕێگە و پرۆسەیەکی ئارام سەقامگیر فەراهەم بکرێت بۆ بڕیاردانی تەواوی خەڵکی فەلەستین لەسەر ژیان وداهاتووی خۆیان. تەنها چینی کرێکارو بەرەی ئازادیخواز، دەتوانێ بەڵای تیرۆر و تارمایی جەنگ لەناوچەکەدا هەڵگرێ!

★

**کاری ئیمەو بزووتنەوەی کرێکاری و مرۆڤدۆستی عێراق و کوردستان ئەوەیە کە لەپاڵ ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیەدا ڕابوەستین کە لەسەراسەری جیهاندا دژی ئەم درەندییە بەرامبەر بەخەلکی فەلەستین، بەرپێکەوتوە. هەر ئەو بزوتنەوە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەیە کە دەتوانێ ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی غەززە و کەمکردنەوەی ئازار و برسێتی خەڵکی فەلەستین پەیدا و فەراهەم بکات! ناتانیاهۆ و هاوپەیمانەکانی لە ئەمریکا و ئەورووپا، کۆماری ئیسلامی ئیران و گرووپە ئیسلامیە وابەستەکانی، هیچیان هەڵگری پەیامی ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و ڕاگرتنی ئەم شەرو کۆمەڵکوژیە لە غەززەدا نین!**

# پرۆژەی ئەمریکا بۆ گرێدانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئەورووپاوە رکەبەرایەتیەکی ئامانجداری ئابوریە !

## وەستا مەهدی ڕەسوڵ

رکەبەرایەتی نێوان ئەمریکاو چین بەردەوام فراوان دەبێتەوە، کۆتا شت پرۆژەی ئەمریکا بوو بۆگرێدانی هیندستان بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەورووپاوە، ئەم پرۆژە ئەمریکیە وەک وەلامدانەوەیەک بە پرۆژەی چینی رێگای ئاوریشمە، ئەم رکابەریەی نێوان ئەمریکاو چین رۆژگاری سەردەمی جەنگی ساردمان وەبیر دەهێنێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە سیناریۆی ئابوری نەک رکەبەرایەتی و پێشبڕکیی سەربازی و چەکوچۆڵ.

بابزانین پرۆژەی رارەوی ئابوری نێوان هیندو ئەوروپا چییە؟ لەراستیدا پرۆژەکە بریتیە لە دەستپێشخەری ئەمریکا بۆ گریدانی هیند بە کەنداوی عەرەبی لەرێگای دەریاوە وە لەویشەوە بۆ ئوردن و ئیسرائیل لەرێگای شەمەندەفەرەوە، لەوێشەوە بەرێگای دەریادا بۆ یەکێتی ئەوروپا .

ناوی ئەم پرۆژەیەیان ناوە رارەوی هیند-رۆژهەڵاتی ناوەراست-ئەروپا (IMEC) ئەمە یەکەمین دەستپێکی هاوکاری لە بواری گواستنەوەدایە لەنێوان ئیماراتی عەرەبی و سعودیەو یەکێتی ئەورووپارو ئەمریکاو ئیسرائیل.

ئامانجی ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا گەشەپێدانی بزوتنەوەی بازرگانی و زیادکردنی سەرچاوەکانی وزەو باشترکردنی پەیوەندیەکانی ئەلکترۆنی لەنێوان وڵاتانی خواروی ئاسیاو ئەورووپایە. واش چاوەروان دەکرێ ئەو وڵاتانەی کە ئابورییان نزمە سودی باشی لێوەرگرن و رێگەش خۆشکات بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ بینینی رۆڵکی گەورە لە بازرگانی جیهانیدا.

گرنگی پرۆژە ئەمریکیەکە لەوەدایە رێگا بازرگانیەکان لەنێوان خوارو و خواروری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەروپا کورت ئەکاتەوە. رێگای بازگانی ئێستا لە دەریاوە لە ئۆقیانوسی هیندیەوە بۆ دەریای سور و قەناتی سویس و دەریای ناوەراست دەروا و رێگایەکە بە ئاودا دەروات. بەڵام پرۆژە تازەکە زۆر لەمەی کە هەیە کورت ترە، ئەم پرۆژەیە بەنسبەت یەکێتی ئەورووپاوە گرنگە بەهۆی ئەوەی کە بازگانی ئەورووپی گرێدەدا بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیاوە ، ئەمەش وادەکات لێکەوتە خراپەکانی جەنگی نێوان روسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئەروپا کەم بێتەوە.

هاوکات ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی هەیە بەنسبەت ئەمریکاوە، ئەویش دان پێدانانی سعودیە بەئیسرائیل لەرێگای بەرژەوەندی ئابوریەوە، چونکە وا چاوەروان دەکرێ کە رێگای ئاسن سعودیەو ئیسرائیل بەیەکەوە ببەستێت.

ئاستەنگیەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە

ئەم پرۆژە ئەمریکیە جێبەجێکردنی هەروا ئاسان نییە و لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی سیاسی و ئابوری و هونەری بەرەو رووە، بەهۆی ئەوەی کە لەهەندێ جێگا ئەبێ ئەم رارەوە بە وشکانیدا بروات، ناتوانێت خزمەتێکی باش بە بازگانی جیهانی بکات بەهۆی ئەوەی گواستنەوەی وشکانی زۆرلاوازە بە بەراورد بە دەریایی، چونکە ٨٠٪ ی بازگانی لەرێگای دەریاوەیە، .

هاوکات لەروی سیاسیشەوە ئەم پرۆژەیە روبەروی نارەزایەتی زۆرێک لە وڵاتان دەبێتەوە و زیانی تیدادەکەن بۆنمونە تورکیا کە دەیەوێت ببێتەناوەندێکی بازرگانی جیهانی یان میسر کە زیان بە گواستنەوەی کاڵاکان دەگات لە رێگای قەناتی سویسەوە هاوکات زیان بە چینیش دەگا.

یەکیکیتر لە رێگریەکان لایەنی مالییە، ئەو



پرۆژەیە دەیان ملیار دۆلاری پێویستە کە هەتا ئێستە سەرچاوەی دابینکردنی دارایی دیارنییە. ئەگەریش ئاماژە بۆسعودیە کرابێت لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بەوەی کە سعودیە رۆڵێکی گرنگی دەبێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەوەش بەشێوەی ناراستەوخۆیە. هێشتا دیارنییە سعودیە دەچێتە ژێربای ئەوەوە کە ئەو مەبڵەغە زۆر بخاتە ناو پرۆژەیەکی واوە.

رکابەرایەتی نێوان پرۆژە کەی ئەمریکاو چین

ئەمریکا خاوەنی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە و پاڵپشتی سەرەکیەتی نەک بەشێک بێت لێی. هەر ئەمەشە وادەکا کە پرسیار لەسەر ئامانجی پرۆژەکە دروست بکا، کە وادەردەکەوێ گەرانەوەبێت بۆ قوناغی سەردەمی جەنگی سارد کە لەنێوان دوقوتبی سەرمایەداری ئەو سەدەمەدا هەبوو، یەکێتی سۆڤەیتو ئەمریکا.بەڵام ئەمجارەیان لە دەروازەی ئابوریەوە!.

لەراستیدا پرۆژەی چین زۆر گەورەترو فراوانترە لە پرۆژەکەی ئەمریکا. پرۆژە چینیەکە ١٥٠وڵات دەگرێتەوە، زیاتر لە ٣٠ رێکخراوی جیهانی هاوپشتی لێدەکەن.

هاوکات چین نزیکەی یەک ⇦

ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆتەرخان کردووە زیاترلە ٣٠٠٠ پرۆژەشی بنیاتناوە ، بەپێی پلانەکەی چین لەکۆتایی ساڵی ٢٠٤٩ پرۆژەکەی تەواودەبێت، بەڵام هێشتا دیار نییە پرۆژە ئەمریکیەکە بەکوێ گەیشتووە.

لەکۆتایدا ئەبێ ئەوەبڵێن کە هێشتا زووە بزانین شانسی سەرکەوتنی پرۆژە ئەمریکیەکە چەندە کەتائێستا لەقۆناغی سەرەتادایە و ڕێگریەکانیشی بەبەراورد لەگەڵ قازانجەکانی زۆرترە.

ئەم ڕکەبەرایەتیەی نێوان دوقوتبی سەرمایەداری لەدنیای ئەمرۆدا دەلالەت لەوەدەکا کە کێشەو ململانیی نێوان زلهێزەکان دوای دەورەیەک لە جەنگو کاولکاری و دوای ئەوەی قەیرانی ئابوری وسیاسی جیهانی بووەوە و جەمسەرو بلۆکی تازەی سەرمایەداری لە ناوچەی نفوزی زلهێزەکان سەریان هەڵدا، بۆ پارێزگاری لە دەسەلات و خۆنیشاندانی هەریەک لە چین و ئەمریکایە وەک سەروەرو گەورەی جیهان و دەیانەوێت دوبارە جێگای نفوزی خۆیان دیاری بکەن و دەورەیەک لە ئیستقراری سیاسی و ئەمنی برەخسێنن و قەرەبوی ئەو زیانانە بکەنەوە کە لەئەنجامی جەنگو کاولکاری سەفریان کردوە. دوبارە پایەکانی دەسەلات و سیستمە دژە ئینسانیەکەیان مەحکەم رابگرن. بۆیە هەرخۆشخەیاڵیەکی چینی کرێکار بەوەی لەسایەی پرۆژەکانی چین و ئەمریکا و درێژەدان بەدەسەلاتەکەیان کۆتایی بەنەهامەتەکانی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت دێت وەهمەو ئەوەی کە دەبێ چینی کرێکار بیبتە جێگای سەرنج و مایەی بەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانی تەنهاو تەنها درێژدانە بەخەبات لەپێناوی داسەپاندنی هەلومەجی کار و ژیانێکی باشترو هەنگاونانە بەرەو کۆتاییهێنانی یەکجارەکی دەسەلات و دەوڵەت و تەواوی یاساورێساو دابو نەریتی ئەم نیزامە هاوردرندەیەی سەرمایەداری لەرێگای بەرپاکردنی شۆرشێکی ئابوری کۆمەلاتی چینی کرێکارەوە .

★

# ڕێکەوتنی چوارقۆڵی عێراق، ئێران، تورکیاو حکومەتی هەرێم بەدژی هەڵسوڕانی چەندین حزبی سیاسی

**نوری بەشیر**



عێراق وەک دەسەلاتدارێتیەکی فیدرالیی شەقوشڕ، کە پێکهاتووە لەژمارەیەک حزبی ئیسلامی و ناسیونالیستی کە نفوزی سەرەکی ئێران تێیدا بەرجەستەیە، مەیدانی نمایشی دەسەلاتی حکومەتانی ناوچەکە و جیهانە، هەردوو دەسەلاتی حکومەتی عێراق و هەرێم وەک ماڵێکی بێدەرگاو پەنجەرەیە، تێیدا دێن و دەڕۆن و بریار دەردەدەن و مەیدانی کێشمەکێشی ناوچەکەو جیهانیە، لەلایەک شوێنی کێشمەکێشی ئەمریکاو ئێرانەوە لەلایەکی تر مەیدانی هێزەکانی تورکیاو ئێران و بنکەو بارەگاو هێزی سەربازی و میت و پاسدارانە، بەتایبەت لەکوردستان و هەردوو زۆنی زەرد و سەوزدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دووحزبی دەسەلاتدار، شتێکیان نەماوەتەوە نەک تەنیا وەک ئەوەی بوکە شوشەن بەدەستی دوو حکومەتی ناوچەکە، ئێران و تورکیاوە، بەڵکو لەوەش خراپترن بەدەست حکومەتی بۆرژوا ئیسلامی ناسیونالیستی شیعەگەرایی میلیشیاو مافیایی عێراقەوە خەریکە قاوغەکەیشی نامێنێت.

هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی تەواوی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بەردەوامەو بەدوایدا قەدەغەکردنی ژمارەیەک حزبی تریشی بەدوادا هات. تا بەهەواڵی تازەی ئاگادارکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگەڕێتەوە، کە لەسالانێکی زۆرەوە لە کوردستان جێگیرن و بەشێوەی فەرمی ڕێگە پێدراوبوون، لەهەرچوارلاوە دەورە دراون، کە ڕێکەوتنی سێ قۆڵی لەنێوان عێراق و ئێران و حکومەتی هەرێم بەسەریانەوە دەکرێت، بۆئەوەی بارەگاکانیان دەبێت چۆڵ بکەن و لەکەمپی دیاریکراودا کە حکومەتی عێراق بۆیان دیاریکردوون کۆبکرێنەوە، ئەمە بەدوای ئەوەدا دێت کە پەروبارڵیان کردوون و نەک تەنیا لە سنورەکانی ئێران و هاتوچۆیان نەهێشتوون، دەبێت لەو شوێنانەی لەدەوری سلێمانی و کۆیەو هەولێریش کەهەن، بچنە ئەو کەمپە دەستبەسەرانەوە یان لەژێرچاودێری یوئێندا بن، نەک ئەوەش بەڵکو لەمانگەکانی پێشوتردا لیستی ناوی ١٢٠ کەس لە رابەرانی ئەم حزبە ئۆپۆزیسیۆنانە، جمهوری ئیسلامی ئێران داویەتیە حکومەتی عێراق و داوای تەسلیمکردنەویان بەئێران و دادگاییکردنیانی کردووە.

جمهوری ئیسلامی ئێران لەرێگای حکومەتی عێراقەوە فشارەکانی بۆسەر حکومەتی هەرێم و بەتایبەت یەکێتی توندکردۆتەوە، لەتازەترین هەواڵیشدا کە ڕێژنە میدیا بلاویکردۆتەوە، لە رێگای نوێنەری قاسم ئەعرەجییەوە راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق هۆشداری دەدرێتە هەر سێ لایەنی باڵی

کۆمەڵە کە پێویستە شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و وەک پەنابەر بچنە کەمپەکانەوە، بەگوێرەی زانیاریەکان لە سەردانەکەی قاسم ئەعرەجی بۆ سلێمانی نوێنەرێکی خۆی بەناوی ( سەعید الجەیاشی) ڕۆژی شەممە ٣ی ئابی ٢٠٢٤، لەگەڵ هەرسێ باڵی کۆمەڵەکان لەبارەگای (کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران)، لە زرگوێز، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئاسایشی هەرێم کۆبۆتەوەو پێیان ڕاگەیاندوون کە دەبێت بارەگاکانیان لە زرگوێز چۆڵکەن و بیگوازنەوە بۆ سووررداش لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی.

ئەم هەوڵەی ئەعرەجی لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی نێوان ئێران و عێراق دایە کە نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون و لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٢٣ دا واژوی لەسەرکراوە.

تا بە قەدەغەکردنی سێ حزبی تر بەناوەکانی؛ "تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان"، "پارتی ئازادی و دیموکراسی"، "بەرەی تێکۆشانی دیموکراسی" دەگەڕێتەوە، کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ٨ی ئابی ٢٠٢٤دا ڕاگەیاندنی لەسەرداوە، هەروەها لەچەند شوێنی جیادا کە نوێنەری ئەو حزبانە قسەیانکردووەو ئەو تۆمەتانەی کە بۆ قەدەغەکردنیان دەرچووە بلاوکراوەتە کە دەڵێ؛ لە بڕیارەکەی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هاتووە "بەگوێرەی مادەی ٢٥ یەکەم و سێیەم لە یاسای پارتە سیاسییەکان ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥، نابێ پارتە سیاسییەکان پەیوەندیی ڕێکخراوەیی، یاخود دارایبیان لەگەڵ هیچ لایەنێکی ناعێراقیدا هەبێ، یان ئاراستەی چالاکی حزبییان لەسەر بنەمای فەرمان، یاخود ئاراستەی هیچ دەوڵەتێک، یان لایەنێکی دەرەکی بێ، نابێ هاوکاری پارتێکی سیاسی بکات، کە دەوڵەت قەدەخەی کردووە، یاخود ئەو پارتە ئەجێندای وڵاتێکی دیکە جێبەجێ بکات، بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق." بەوپێیە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی هەریەک لەو پارتە سیاسییانە و داخستنی بارەگاکان و دەستبەردارگردنی دارایییان."

هەرلێرەوە دەکرێت چەند خاڵێک بخەینەڕوو یەکەم؛ دەکرێت بپرسین باشە هەر بەپێی ئەو بڕیارانەی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عێراق، حکومەتی عێراق و هەموو حزبەکانی ناویشی دەبێت چییان لێبکرێت، کە نەک هەر دەستی دەرەکی جمهوری ئیسلامی ئێرانیان لەپشتە، بەڵکو جمهوری ئیسلامی ئێران حکومەتەکەیان لەڕێگای میلیشیا شیعەکانەوە بۆ بەڕێوەدەبات. دووەم؛ دەبێت چی هەڵوێستێک لەبەرامبەر یەکێتی و پارتی بگیرێتەبەر، کە بەجیا لەوەی ٣٣ ساڵە دەستی دەرەکی ئەمریکایان لەپشتە، بەلام وەک هێزو لایەنێکی بەکرێگیراو و گوێ لەمستی حکومەتەکانی تورکیاو ئێران کاردەکەن، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان بەئاشکرا بەسەدان لەبنکەو بارەگای میتی تورکی و سوپای پاسدارانی تێدایە، هێزەکان و مۆڵگەکانیان لە قوڵایی ناوچەکانی کوردستاندا تەراتێن دەکەن، ئیتر ئەمە بانێکەو دوو هەوا بۆ دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەبێت وەڵامیان پێبداتەوە.

ئەم ڕێکەوتنە چوارقۆڵیە لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی قەیراناوی ناوچەکەدایە، تەنها بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی حزبە سیاسەکان نیە، بەڵکو بۆ گروپ و تاکیشە لەکۆمەڵگادا کە مخالیف بێت و نارەزایەتی دەبڕێت پێیان، هەم بۆ خولقاندنی فەزای سەرکوتی سیاسی و هەنگاوبەهەنگاو دەست ئاوەڵایانە لەبەرامبەر هەر هێزێکی سیاسی چ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتانە بێت، یان حزبی سیاسی عێراق و کوردستانی عێراق بێت و جیاوازی هەبێت لەسیاسەت و بەرنامەی حکومەتی عێراق و هەرێم و حزب و ملیشیاکانیاندا.

ئەم کارانە لە چوارچێوەی سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا و ئێراندا دەچێتە پێشەوە، کەچۆن لەو دوو وڵاتەدا جێگایەکیان بۆ حزبی ئۆپۆزیسیۆن و هەڵسوڕانیان نەهێشتۆتەوە، بەهەمانشێوە دەیانەوێت عێراق و کوردستان بکەنە ئەو ناوچەیە کە بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەوان برواتە پێشەوە.

هەموو ئەو هەنگاوو سیاسەتانەی حکومەتی عێراقی و هەرێم کە لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی تورکیا و ئێراندا دەرواتە ڕێوە، بەهێزی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی ئەم وڵاتانەو حزبە چەپ و ئازادیخوازەکان لە ئاستی ناوخۆو دنیادا دەتوانرێت پاشەکشەی پێبکرێت.

٨ی ئابی ٢٠٢٤

**بەپێی بڕیاری دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی عێراق تایبەت بە قەدەغەکردنی سێ حزبی سیاسی بەبیانووی ئەوەی پەیوەندی ڕێکخراوەیی و سیاسیان لەگەڵ پەکەکە هەیە، دەبێ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم و هەموو حزبە دەسەڵاتدارە شیعی و سونی و کوردیەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو قەدەغەبکرێن، چونکە ئەوان نەک هەر پەیوەندیان بە ئێران و تورکیاوە هەیە، بەڵکو بەپێی فەرمان و بڕیارەکانی ئەو دوو دەوڵەتە و ئەمریکا و وەکو خزمەتکاری ئەوان دەجوڵێنەوە!**

# تیرۆر هاوکاتی زریانێکی جەماوەری

## عوسمانی حاجی مارف

لەبەرامبەر تاوانەکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا، زریانێکی گەورەی خۆپیشاندەرانی جەماوەری بێوێنە بەتایبەتی لە شاری واشنتن لەبەرامبەر تاوانی گەورەی پاکتاوکردن و ڕژانی خوێنی بەکۆمەڵی خەڵکی غەززە و منداڵەکانیاندا شەپۆلیدا، ئەو زریانە داوای دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ناتانیاهۆیان دەکردو بایدنیان ڕیسوا دەکرد بەهاوبەشبونی لەو تاوانەدا.

زریانی ئەو خۆپیشاندانە مەزنەی نمایشکرا، بریتی بوو لە بەشداری ئەمریکیەکان بە هەموو گروپ و تەمەنێکەوە، جولەکەکان کە دروشمی"بەناوی ئێمەوە نا" لەسەر کراسەکانیان نووسرابوو، هەروەها کەسانی دیکەی ئایینی کە باوەڕیان بە'ئیسرائیل' نییە وەک دەوڵەتێک بۆ جولەکەکان، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەریی کە ئەمریکا لەدوای جەنگی ڤێتنامەوە شاهیدی هاوشێوەکانی نەبووە، داوای "دەستبەجێ ئاگربەست"یان کرد لە کەرتی گەمارۆدراوی غەززە و ڕەخنەیان لە سیاسەتی واشنتۆن گرت کە پشتگیری لە داگیرکاری ئیسرائیل دەکات.

لەکاتێکدا ئەم زریانە واقعیەتێکی خەڵکی نارازی ئەمریکایە، سەیروسەمەرەیی ئەندامانی کۆنگریس دەبینین، کەبە دانیشتن و وەستانەوە لە لاپەڕەیەکی گاڵتەجارانەی کارەساتەکاندا چەپڵەیان بۆ ناتانیاهۆ لێدا، لەهەمانکاتدا ڕاستەوخۆ دوای سەردانی ناتانیاهۆ بە ٢ ڕۆژ، کردەوەی تیرۆری ئیسماعیل هەنیە ڕادەگەیەنرێت، ئەمەش لەکاتێکدایەکە ناتانیاهۆ لەلایەن دادگای دادی نێونەتەوەییەوە، لێکۆڵینەوەی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی دەکرێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانیکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین لە غەززەدا.

هەڵبەتە ئامانجێکی ئەم کارە تیرۆریستیە چڕکردنەوەی زیاتری ململانێی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیە بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو زریانە جەماوەریەو خواستی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژی لە غەززە و چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین.

ئەوە ئاشکرایە کە ئەم کارە تیرۆریستیانە دەتوانێت هەلومەرجەکە دژوارترو ئاڵۆزترکات، چونکە شەڕی تیرۆریستی و ئامانجەکانی بەتەواوی دڕندانەو دژەکۆمەڵگە و کۆنەپەرستانەیە، مایەی نائاسودەیی و نائارامیە و ئاکامەکەی جگە لەخولقاندنی فەزای ترس و وێرانکردنی ژیانی خەڵک هیچی تر نیە.

ئەو زریانە جەماوەریەش بانگەوازێک ڕادەگەیەنێت کە دەنگەکانی پشتیوانی لە فەلەستینیەکان بەشێوازێکی فراوانی جەماوەری لە ئەمریکادا گەشەیان کردوە و لەهەمانکاتدا پێشنیاریان کرد کەپێویستە جیهان دان بە مرۆڤایەتی کەسی فەلەستینیدا بنێت تا گەلی فەلەستین، مافی خۆیان لە خاکی فەلەستیندا بەدەست بهێنن. ئەم هاوسۆزیە جەماوەریە بۆ دۆزی فەلەستین لەسەر شەقامی ئەمریکا سەرنجڕاکێشە. ئەم بزوتنەوەیە بۆ پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین، بە نمایشکردنی خۆی وەک زریانێکی گەورە بەرامبەر بایدن و پەنتاگۆن بوو، لەهەمانکاتدا گۆڕینی ڕای گشتی ئەمریکیەکانە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

بەوپێیەی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندەرانی جوولەکە بەشداربون لەم زریانەو سەرکردایەتیان دەکرد، ئەو کارە دڕندانەیە ڕەتدەکەنەوە کە قەوارەی داگیرکەرێکی وەک ناتانیاهو بەرامبەر گەلی فەلەستین دەیکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گۆڕانکاری قووڵ لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی ڕوویانداوە، تەنانەت کردەوە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات و پۆلیسیش لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتوو نەبون لە بەرگرتن بەم شەپۆلە لە نارەزایەتیەکان.

سەرەڕای بونی ئەو زریانی نارەزایەتیە جەماوەریەی کەخواست و هەوڵدانی بۆ ئاگربەستی ئەو شەڕە داگیرکاریە و دژ بەتاوانەکانی ناتانیاهۆ بەرێخستوە، بەڵام ئەمجارە ناتانیاهۆ وەک فرسەتێک ئەوکارە تیرۆریستیەی لەبەرامبەر ئیسماعیل هەنیە و فواد شوکر ئەنجامدا، تا دۆخەکە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی ترەوە بۆ ڕانەگرتنی ئەو شەڕەی دەبێت راگیرێت، کە ئێران و حزبوڵلاو حەماس لەبەر تێرامانێکی سەرسورهێنەردا ڕاگرت، لەلایەک دەرگای لە بەردەم ئەگەری شەڕێکی کراوەی فراوانی لە ناوچەکەدا بۆکردوەوە، لەلایەکی ترەوە گورزێکی بەهێزە کەئێران، حیزبوڵلا، یان حەماس ناتوانن وەڵامی نەدەنەوە.

هەرچەندە ئەم کارە تیرۆرستیە گورزێکی گەورەیە لە کۆماری ئیسلامی و پێویستی بە پەرچەکردارە لەلایەن ئێرانەوە، بەڵام پێدەچێت لایەنی ئەمەریکا قورسایی خۆی بخاتەسەر ڕێگریکردن لە شەڕێکی بەرفراوان کە لە ناوچەکەدا ڕوبدات، تابتوانێ زیانەکان لەڕووبەرێکی سنووردارادا بهێڵێتەوە، نەک لێدانی وێرانکەر کە ببێتە هۆی شەڕێکی بەرفراوان و زیان بەپێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگەیەنێت، بەهەمانشێوە شەڕی فراوان بە قازانجی ئێرانیش نیە، بەڵام کێشەکە لەو ئاستەدایە، کە دۆخەکە بەجۆرێک شڵەقاوە وردبونەوەی ئەگەرەکان و بەرگرتن بەو گێژاوە ئاسان نیەو سەختی نیشان ئەدات.

ناتانیاهۆ دوای دیارنەبونی ئاسۆی ئەو شەڕە بە قازانجی حکومەتەکەی، هەوڵدەدات گرێبەستی ئاڵوگۆری دیلەکان تێکبدات، هەوڵئەدات کۆتایی بە شەڕەکە بەو شێوەیە بهێنێت کە بە زیانی درێژکردنەوەی تەمەنی

حکومەتەکەی نەبێت، چونکە بە لێپرسینەوە لەگەڵیدا، بە تۆمەتی گەندەڵی و شکستی ئەمنی، جۆری مامەڵەی لەبەرامبەر"لافاوی ئەقسا"، هەروەها قەیرانی"چاکسازیی یاسایی" و ناساندنی وەک تاوانباری جەنگ، نادیاری کۆتایی داگیرکاری غەززە، ناتانیاهۆی لە دوریانێکی وەها بنبەستدا ڕاگرتوە، مەبەستیەتی شەڕەکە فراوانتربێت و درێژە بکێشێت، تا ئەوکاتەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەکات! تا دووریخاتەوە لەوەی کە لە ناوخۆدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمەش ئاراستەی بیرۆکەیەکە کە لەسەرەتای شەڕەوە لە تەلئەبیب و واشنتۆن دەسورێتەوە بۆ بەدەستهێنانی جۆرێک لە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە دژی"حەماس"، تا بتوانێت بەشێک لە شکۆی لەدەستچوی خۆی لە "لافاوی ئەلئەقسا"دا وەربگرێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیبنین تائێستا ناتانیاهو لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتو نەبوە، لەهەمانکاتدا بەردەوام قومارێکی گەورە بە ژیانی خەڵکی دەکات.

هەڵبەتە ئەم کارە تیرۆریستیەی ئیسرائیل، بەر بە کۆتاییهاتنی جەنگ و ڕێگای چارەسەری سیاسیانەی کێشەی فەڵەستین دەگرێ، کە بۆ ماوەیەکی زیاتر دۆخی ناوچەکە بەرەو ناجێگیری سیاسی و مەترسی ڕودانی جەنگ ڕادەکێشێت و ژیانی ملیۆنەها ئینسان نەک تەنها لە فەڵەستین، بەڵکو لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی مەترسی و ئاوارەیی و کوشتار دەکاتەوە. لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی گونجاو بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی ڕەوت و گروپە کۆنەپەرست و ئیسلامی و فاشیست و نەتەوەپەرستەکان دەکاتەوە کە لەسەر حسابی بەرگرتن بە گەشەی بزووتنەوە ئینساندۆستی و ئازادیخواز و گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری خۆیان زیندووڕادەگرن.

لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، واشنتۆن پێشبینی بەشداری زیاتری بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی دەکات لە خستنەخوارەوەی هەندێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی، وەک ئەوەی شەوی ١٣ی نیسانی ڕابردوو ڕوویدا. ئەمەش ئامانج لێی خێراترکردنی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی عەرەبی و ئیسرائیلی و ناتۆیە، بە سپۆنسەری ئەمریکا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، ئەمەش بە نەرێنی کاریگەری لەسەر پرسی فەڵەستین دەبێت. لەهەمانکاتدا پاراستنی پەیوەندی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لەسەر حسابی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە بۆ خۆی کارەساتە بۆکێشەی فەلەستین و خەڵکی فەلەستین!

حکومەتەکەی ناتانیاهۆ نزیکەی ١٠ مانگە کوشتارێکی بەرنامەدارێژراوی وەک دۆزەخێک بۆ خەڵکی فەلەستین بەرێخستووە، بەڵام بێئەنجام بووە لە بەدەستهێنانی ئامانجە جەنگیەکانی کە خۆی لە کۆتاییهێنان بە حەماس و گێڕاندنەوەی دیل و بارمتەگیراوەکانی لای حەماس ڕایگەیاندوە. لەڕووی سەربازیشەوە توشی بنبەستێکی گەورە بووە. لەلایەکی ترەوە لەپاڵ نارەزایەتیەکی ڕای گشتی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی جیهانیدا، کەوتوەتەژێر فشارێکی گەورەوە، بۆیە نەتانیاهۆ و حکومەتەکەی لەناو ئەم گێژاوەدا پەل دەکوتێ و هەرچی لەدەست بێت بۆ بەرگری لە سیاسەتەکانی دریغی ناکات. هەوڵەدات ناوچەکە ڕابکێشێ بۆناو جەنگێکی فراوان،لەهەمانکاتدا ئەمریکاش لەو شەڕە فراوانەوە بئاڵێنێت، تا لەم ڕێگایەوە خۆی لەو دوریانە داخراوە سەربازی و سیاسیە بێنێتەدەرەوە.

ئەم کارە تیرۆریستیە، شەپۆلێکی نوێی هەڕەشە و پڕوپاگەندەی شەڕی بەرێخستوە، کە حکومەت و هێزە تیرۆریستیەکانی ناوچەکە ئەنجامی ئەدەن، درێژەی شەڕی کۆنەپەرستانەی تیرۆرستی دەوڵەتی و تیرۆری ئیسلامیە کە گیانی خەڵکی ناوچەکەیان بە بارمتە گرتووە، لەبارەی ئەم تیرۆریزمە دەوڵەتیەوە ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی خاوەنی ئەزمونێکی پێشینەی بەرچاون کە پێویستە سەرکۆنەو ڕیسوا ودادگایی بکرێن.

بەڵام بەجیا لە هەر لێکدانەوەو تێگەیشتنێک لە واقعی ئەم شەڕە، سەرکۆنەنەکردنی ئەمکارە تیرۆرستیەی بەرامبەر ئیسماعیل هەنیە کراوەو لێنەپرسینەوەو دادگایینەکردنی ئەو لایانەی ئەم کارەی ئەنجامداوە، مانای وایە ژیانی هەر کەسایەتی و هەڵسوراوێکی سیاسی سەر بە هەر ڕەوت و بۆچونێک بێت، لەهەرشوێنێکی دنیادا بێت، لەبەردەم مەترسی تیرۆرستی دەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە، وەستانەوەش بەرامبەر بەهەر کارێکی "تیرۆرستی دەوڵەتی" پێویستی بەکەمپینێکی گەورەی جیهانیە.

لە درێژەدان بەم دۆخی شەڕەو کارەساتەکانیدا، پێویستە بانگەوازی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا،بەهێزکردن و فراوانکردن وڕێکخستنی شەپۆلی ئەو زریانە نارەزایەتیە جەماوەریانە بێت لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا، کە هەوڵبدات دەستبەجێ ئەو داگیرکاریەی ئیسرائیل لەبەرامبەرخەڵکی فەلەستین ڕاگرێت.

☆

**تیرۆری ئیسماعیل هەنیە لەلایەن ئیسرائیلەوە، بۆ ماوەیەکی نادیار کۆتایهاتنی جەنگ و چارەسەری سیاسیانەی کێشەی فەڵەستین دوورەدەخاتەوە و دۆخی ناوچەکە بەرەو نائارامی و ناجێگیری سیاسی و مەترسی ڕوودانی جەنگ ڕادەکێشێت!**

# تیرۆری ئیسماعیل هەنیە دۆخی ناوچەکە بەرەو نائارامی زیاتر دەبات!

بەرەبەیانی ٣١ی٧ی ٢٠٢٤ لە تارانی پایتەختی ئێران، ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس، بەهۆی مووشەکێکەوە کە ئاراستەی شوێنی حەوانەوەکەی کرابوو، لەگەڵ پاسەوانێکیدا کوژرا! ئەگەرچی تائێستا ئیسرائیل هیچ بەرپرسیارێتیەکی لەوبارەوە رانەگەیاندووە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە، کە دیقەتێکی زۆری هەواڵگری و تەکنۆلۆجیای سەربازی هەیە، تەنها لە ئیسرائیل و بەهاوکاری ئەمریکاو هەندێ دەوڵەتی ئەوروپی دەوەشێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل یەکەم لایەنە کە بەرژەوەندی لە کوشتنی ئیسماعیل هەنیەو سەرکردەکانی حەماس هەیە.

بێگومان کردەوەی تیرۆری ئیسماعیل هەنیە، راستەوخۆ دوای سەردانی نەتەنیاهۆی سەرۆکی حکومەتی ئیسرائیل بە ٢ رۆژ دێت بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا، کە بە چەپڵە پێشوازی لێکرا، لەکاتێکدا ناوبراو لەلایەن دادگای دادی نێونەتەوەییەوە تاوتوێی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی دەکرێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە! پێشوازی کۆنگرێسی ئەمریکا لە تاوانباری جەنگ و جینۆسایدی خەڵکی غەززە، و دواتریش راگەیاندنی پشتیوانی موتڵەقی ئەمریکا بۆئیسرائیل بەرامبەر هەر هەڕەشە و مەترسیەک کە دوای ئەم کارە تیرۆریستیەوە روبەرووی دەبێتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کردەوە تیرۆریستیە بەبێ ئاگاداری و هاوکاری ئەمریکا ئەنجام نەدراوە.

حکومەتی راسترەو و فاشیستی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی نەتەنیاهۆ، کە نزیکەی ١٠ مانگە کوشتارێکی بەرنامەبۆداڕێژراوی خەڵکی فەلەستینی بەرێخستووە، نەیتوانیوە ئامانجە جەنگیەکانی بەدەستبهێنێ کە لەناوبردنی حەماس و گێڕاندنەوەی دیل و بارمتەگیراوەکانی لای حەماس بوو. نەک هەرئەوە، لەڕووی سەربازیەوە تووشی بنبەستێکی گەورە بووەو تەنانەت تووشی کێشەی ناوخۆی حکومەتی بووتەوە. سەرباری ئەوە نارەزایەتی خەڵکی ئیسرائیل و کەسوکاری دیلەکان کە خوازیاری راگرتنی جەنگ و ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕینەوەی دیلەکانن، لەپاڵ نارەزایەتیەکی رای گشتی ئازادیخوازو مرۆڤدۆستی جیهانیدا، حکومەتی ئیسرائیلی خستۆتەژێر فشارێکی گەورەوە، کە خواستی دەستلەکارکێشانەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئیسرائیل و خواستی دادگاییکردنی لەسەر ئاستی دنیا، کردۆتە خواستێکی دەستبەجێی. سەرباری هەموو ئەمانەش لەسەر ئاستی دیپلۆماسی لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا تەریک کەوتۆتەوە. بۆیە نەتەنیاهۆ و حکومەتە راسترەوەکەی لەناو ئەم گێژاوەدا پەل دەکوتێ و دەیەوێ تەرو ووشک پێکەوە بسوتێنێ و ناوچەکە رابکێشێ بۆناو جەنگێکی سەراپاگیر، تا ئەمریکاش بێتەناوەوە بۆ پشتیوانیکردنی راستەوخۆی لە جەنگەکەیدا، تا بەوجۆرە خۆی لەو بنبستە سەربازی و سیاسیە دەربکێشێت و پرسی فەلەستین و دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین کە ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر پشتیوانی جیهانی لەسەر ئاستی رای گشتی و جەماوەری و لەسەر ئاستی رەسمیدا بۆ پەیدابووە.

ئەم کردەوە تیرۆریستیەی ئیسرائیل، رێگا لە کۆتاییهاتنی جەنگ و دەرفەتی چارەسەری ئاشتیانەو عادیلانەی کێشەی فەلەستین دەگرێ و بۆ ماوەیەکی دیکە دۆخی ناوچەکە بەرەو نائارامی و کوشتار و فەزای جەنگی رادەکێشێت و ژیانی ملیۆنەها ئینسان نەک تەنها لە فەلەستین، بەڵکو لە ناوچەکەدا روبەروی مەترسی و ئاوارەیی و کوشتار دەکاتەوە. هاوکات فەزایەکی بەپیت بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی رەوت و گروپە کۆنەپەرست و ئیسلامی و فاشیست و نەتەوەپەرستەکان دەکاتەوە لەسەر حسابی بزوتنەوە ئازادیخواز و کرێکاری و عەدالەتخوازەکان و ئاوات و ئومێدە ئینسانیەکانی خەڵکی ناوچەکە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەسۆنگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکەو پێشگرتن بە رۆچوونی ناوچەکە بەرەو کوشتار و وێرانبوون، لەروانگەی بەرگری لە مافی خەڵکی فەلەستین بۆ دەست راگەیشتن بە ئاشتی و کۆتایی هاتن بە کوشتار وجینۆساید و ئاوارەبوون و بڕیادان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان لە دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستیندا، سەرباری ئیدانەکردنی ئەم تیرۆریزمە دەوڵەتیەی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل، بانگەوازی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا دەکەین کە دژی ئەم ملهوڕیەی ئیسرائیل و هاوپەیمان و پشتیوانەکانی لە ئەمریکاو ئەوروپا دەنگ هەڵبڕن و فشاربخەنە سەریان بۆ دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تیرۆرو قبوڵکردنی ئاگربەست و راگرتنی جەنگ دژی خەڵکی غەززەو هەروەها ملدان بە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین، کە ئەوە تەنها رێگایە بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتار و تیرۆری دەوڵەتی و کۆتاییهێنانی رقو کینەی نەتەوەیی و ئاینی لەهەردووبەری کێشەکە، واتە ئیسرائیل و فەلەستین و هەروەها زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی رەوت و هێزە کۆنەپاریزەکانیش لەناو کۆمەڵگای فەلەستیندا لاواز وبەرەو پووکانەوەی دەبات!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی**
**کوردستان ١/٨/٢٠٢٤**

# بڕیارەکەی ئەنجومەنی دادوەری عێراق بۆ قەدەغەکردنی حیزبەکان، خزمەتێکی تری حکومەتەکەی سودانییە بە دەوڵەتی تورکیا!

ڕۆژی ٥ی ئاب ئەنجومەنی دادوەری عێراق بڕیاری قەدەغەکردن و داخستنی سێ حیزبی بە ناوەکانی "تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان"، "پارتی ئازادی و دیموکراسی"، "بەرەی تیکۆشانی دیموکراسی" ڕاگەیاند بە پاساوی ئەوەی کە پەیوەندییان بە لایەنێکی دەرەکییەوە هەیە و پشتیوانی وئیمکاناتی لێوەردەگرن.
ئەم بڕیارە جگەلەوەی کە سەراپا دژی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی حیزبەکان و بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسیەکانە، هاوکات هەنگاوێکی سیاسی و سەرکوتگەرییەکی ئاشکرایە لەژێر پەردەی یاسادا، کە ئامانج لێی بۆ شاردنەوەی ئەو بەندوبەست و ڕێکەوتنانەیە کە حکومەتی عێراق و هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بەستویانە. پاساوی ئەوەی کە ئەم حیزبانە پەیوەندییان بە لایەنێکی دەرەکییەوە هەیە سەروچاوی هەموو ئەو دەستەوتاقمە میلیشیای و تیرەگەری و قەومی و مەزهەبیانە دەگرێتەوە کە بە پشتیوانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و بە هێزی چەکدارییان گەیشتوون بە کورسی دەسەڵات و خۆیان بەسەرکۆمەڵگەدا داسەپاندووە.
ئەوەی کە دەسەڵاتداران چ لە بەغدا و چ لە هەولێر بەبێ دەنگی و لەپشت بڕیارێکی ئەنجومەنی دادوەریەوە ڕادەوەستن و بڕیاری داخستنی حیزبەکان دەدەن، تەنها بۆ ئەوەیە ڕووی سیاسەتە دزێوەکانیان و ئەو ڕێکەوتن و هاوکاریە سیاسی و سەربازیانەی کە بەڵێنیان داوە بە حکومەتەکەی ئۆردوگان بشارنەوە و قەدەغەکردنی حیزبەکان وەک دیارییەک پێشکەش بکەن. لەکاتێکدا ئەوە حکومەتی تورکیایە کە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی عێراق و کوردستانەوە، کەوتۆتە لەشکرکێشی و ژێرپێنانی هەموو ڕۆژەی"سەروەری خاکی عێراق"، کە ئەم دەسەڵاتانە ڕۆژانە وەک "خەتی سوور" و بنەمایەک پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن.
ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەری، نەک هەر پەیامێکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی، بەڵکو هەڕەشەیەکە بۆ سەر هەر حیزبێکی سیاسی، کە نەچێتە خانەی بەرژەوەندیەکانی چینی دەسەڵاتدارەوە.
هەربۆیە دەبێ ڕووبەڕووی نارەزایەتی حیزبەکان و خەڵکی ئازادیخواز چ لە عێراق و چ لە کوردستان بێتەوە و دەسەڵاتدارانی عێراق ناچار بکرێت دەستی لێهەڵگرێت.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە بە توندی ئیدانەی ئەم بڕیارە دەکات و بە هەنگاوێک بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و چالاکیی حیزبەکانی دەزانێ، هاوکات لەپاڵ هەموو ئەو دەنگانە و ئەو نارەزایەتیانەی کە بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە سەرکوتگەرانەیە دێنە مەیدان، ڕادەوەستێت.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٨/٨/٢٠٢٤**

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لەڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دێسمبەری ٢٠٢١**

# بەدژی پەلاماری ڕاسیستەکان لە گەڵ بەرەی ئازادیخوازدا ڕابوەستین!

بەدوای هێرشی میردمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵان بەچەقۆ بۆسەر کۆمەڵێک مندالی تەمەن دە ساڵان لە خولێکی فێربوونی هاوینەی سەمادا لە شاری ساوسپۆت لە ڕۆژی دووشەمە ٢٩ی٧ی٢٠٢٤ کە بووە هۆی کوژرانی سێ مندال و بریندار بوونی هەشت مندال و دوو کەسی دیکە، گرووپە ڕەگەزپەرستەکانی بەریتانیا فرسەتیان قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ئوتێل و شوێنانەی کە پەنابەری لێنیشتەجێکراون، هەروەها هێرشە فراوان بووەوە بۆ سەر چەند مزگەوت، کتێبخانە، دوکان و مارکێت و شکاندنی کەلوپەلەکانیان، بیانووی ئەو گروپە ڕەگەزپەرستانە ئەوەبوو کە گوایە ئەو مێردمناڵەی تاوانەکەی کردوە پەنابەرێکی موسڵمانە! ئەم کردەوە دژی ئینسانیەی ڕەگەزپەرستەکان چەندین شاری بەریتانیای گرتۆتەوە، لەوانە؛ لیڤەرپوڵ، بریستۆل، ساوسپۆت، هوڵ، ستۆک ئۆن ترێنت، مانچستەر، بلاکبوڵ، میدلبرۆ، لانکاشێر، بەلفاست، نوتینگها، لیسیتەر، لیدز، سەندرلاند، ساوزپۆرت و لەندەن، و ماوەی ٤ ڕۆژە بەردەوامە. لەنێوان پۆلیس و هێرشبەرە ڕاستیستەکاندا پێکدادان ڕویداوە و چەندین پۆلیس بریندار بوون و ژمارەیەکیش لە ئاژاوەگێران دەستگیرکراون. حکومەت ڕایگەیاند کە بەتوندی ڕووبەڕوی شەقاوە ڕاستڕەوەکان دەبێتەوە و بەهیچ جۆرێک ڕێگانادرێت کە بەوجۆرە کردەوە ڕەگەزپەرستانەیە لەسەر شەقامەکانی بەریتانیادا. شایانی ووتنە لەهەندێ شوێن خەڵکی ئازادیخواز ڕووبەڕوی ڕاسیستەکان وەستاونەتەوە.

بێگومان دۆخی قەیرانی ئابوری کە ڕووبەڕووی سیستەمی سەرمایەرادری بەریتانیا بووەتەوە و باری قورسی قەیرانەکە؛ کە بریتیە لە هەژاری و برسێتی و کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و بێکاری بەسەر شانی چینی کرێکار و خەڵکی کەمدەرامەتی بەریتانیا دا شکێنراوەتەوە. ئەو دۆخەش وایکردوە کە ڕەوت و گرووپە ڕەگەزپەرستەکانی بۆرژوازی، لەجیاتی ناساندنی خودی سیستەمی سەرمایەداری بەریتانیا بەسەرچاوەی قەیران و کارەساتەکانی ژیانی خەڵکی کەمدەرامەت و کرێکار، هۆکاری قەیرانەکە دەگەڕێننەوە بۆ بوونی پەنابەران کە بوونەتە هۆی بێکاری و نەهێشتنی خزمەتگوزاری وتاد... تەنانەت حکومەتی پارێزگارانی پێشوو، گەورەترین کەمپینی پروپاگەندەیی دژی پەنابەران بەڕێخست و بەرنامەی دژە مرۆیی ناردنی پەنابەرانی بۆ ڕواندا دارشت، ئەمەش وایکرد کە مەیلێکی دژە پەنابەری لەناو خەڵکدا ڕەواج پەیدا بکات. سەرەنجام ئەمەش وادەکات کە پەنابەران، کە خۆیان قوربانی شەڕ و نائەمنی وولاتانی دیکەن و هەژارترین و بێمافترین بەشی کۆمەڵگای بەریتانیان ببنە قوربانی و ژیانیان بکەوێتە بەر مەترسی هێرشی ڕاسیستەکان!

هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەگەرچی شکستی پارتی پارێزگارانی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا مەسەلەیەکی خەتەرناکیشی خستەروو کە هەڵکشانی دەنگی ڕاستڕەوە ڕەگەزپەرستەکان بوو بە سەرۆکایەتی کەسایەتی ڕاستڕەوی بۆرژوازی بەریتانی نایجل فاراج، کە لەڕاستیدا ئەم گروپە وەکو باڵی توندڕەوی حزبی پاریزگاران کاردەکەن!

سەرباری هەڵویستی ڕەسمی حکومەتی لەیبەر بەرامبەر ئەو شەقاوەچێتیەی ڕاسیستەکاندا، کرێکاران و چەپەکان و ئازادیخوازانی بەریتانیاش بەدژی ئەو پەشێوی و هێرشانەی ڕاسیزم و گەزپەرستان هاتوونەتە مەیدان و دروشمی پەنابەران بەخێربێن بۆ بەریتانیا بەرزدەکەنەوەو لەزۆرێک لەو شوێنانەدا کە هێرش دەکرێتە سەر شوێنی پەنابەران بۆ بەرگری لێیان پشتەی بەرگیران دروستکردوە!

ئێمە لە ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەپاڵ خەم و پەژارەی کەسوکاری قوربانیەکاندا رادەوەستین و هاوکاتیش لە پاڵ ریزی فراوانی خەڵکی کرێکارو چەپ و ئازادیخوازی بەریتانیادا بەدژی کردەوە درندەو قێزەونەکانی راسیستەکان دەوەستینەوە. بانگەوازی خەڵکی کوردزمانی دانیشتووی بەریتانیا دەکەین کە لەپاڵ ئەم ریزە ئینساندۆستیەدا راوەستن و بەدژی هەر هەوڵێک بوەستنەوە کەریزی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگای بەریتانیا پەرتەوازە دەکات و دەیانکات بەگژی یەکتردا.

**ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٤ی ئۆگەستی ٢٠٢٤**

**بەرامبەر بە شەقاوەچێتی گروپە ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرستەکانی بەریتانیا دژ بە پەنابەران و هاوڵاتیانی ڕەنگین پێست، بزوتنەوەیەکی بەهێزی ئینساندۆست و یەکسانیخواز لە مەیداندا ڕاوەستاوە!**